# پەرەسەندنی مۆرفۆلۆجیی شاری سلێمانی، لە دامەزراندنیەوە تا سەردەمی جیهانگیریی ئەمرۆ

**(توێژینەوەکە بەشێکە لە تێزی دکتۆرا، واتە توێژینەوەی وەرگیراو ـ_مستل_ـە)**

[١] شاخەوان عبدالله حسین ، [٢] پ.د. طلعت طاهر محمد البوتاني ،[٣] پ.د. إبراهیم قاسم پاڵانی

[١] بەشی پەرەپێدان و پلاندانانی شار، سەرۆکایەتیی زانکۆی گەرمیان

[٢] بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان

[٣] بەشی جوگرافیا، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان

[1] shakhawan.abdulla@garmian.edu.krd

[2] talaatbo@gmail.com

[3] ibraheem.qasim@garmian.edu.krd

**نووسەری پەیوەندیکار:** شاخەوان عبدالله حسین

## پوختە

توێژینەوەکە شیکارییەکی مێژوویی بۆ پەرەسەندنی سیما و دەرکەوتەی مۆرفۆلۆجی شاری سلێمانی دەکات، لە ماوەی ساڵانی نێوان (1784-2024)، واتە لە سەردەمی هەرێمایەتبوونیەوە تا سەردەمی جیهانگیریی شارەکە و کرانەوەی بەڕووی جیهاندا. هەوڵدەدرێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە، کە چۆن هێزە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بە درێژایی مێژوو شێوە و قەبارەی شارەکەیان داڕشتووە.

لە توێژینەوەکەدا پشت بە (ڕێبازی ئیستیقرائی، شیکاریی-مێژوویی) بەستراوە، گەشەی شارەکەی بۆ چوار قۆناغی مۆرفۆلۆجیی سەرەکی دابەشکردووە. قۆناغی یەکەم (١٧٨٤-١٩٤٧)، بریتییە لە گەشەیەکی هێواش و ئۆرگانیکی لە چوارچێوەی هێزی کاریگەرییە لۆکاڵییەکانی خودی شارەکەدا، کە تیایدا ناجێگیریی سیاسیی بەردەوام ڕێگر بووە لە فراوانبوونی شارەکە. قۆناغی دووەم (١٩٤٨-١٩٧٧)، لەم قۆناغەدا یەکەم بازدانی گەورەی فراوانبوونی شاری سلێمانی ڕوویداوە، کە هەریەك پرۆژەکانی گەشەپێدانی دەوڵەت و داڕشتنی یەکەم ماستەرپلانی شار ڕۆڵیان لەم گەشەکردنەدا هەبووە، بەجۆرێك ئەم هۆکارانە گەشەی شارەکەیان لە گەشەیەکی ئۆرگانیکییەوە بۆ شێوازێکی ڕێکخراو و ئەندازەیی گۆڕیوە. قۆناغی سێیەم (١٩٧٨-٢٠٠٢)، بە قۆناغی (گەشەی تەقینەوەیی) دیاریکراوە، کە دەرەنجامی دوو هێزی دژبەیەک بوو: (شارنشینکردنی بەزۆر) لەژێر سیاسەتەکانی ڕژێمی پێشوودا، لەگەڵ بوونی شار بە ناوەندێکی سیاسیی سەرەکی لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991)ـەوە. قۆناغی چوارەم (٢٠٠٣-٢٠٢٤)، کە قۆناغی جیهانگیری و کرانەوەی ئابوورییە، بە گرنگترین و کاریگەرترین قۆناغ دادەنرێت. لەم ماوەیەدا، شاری سلێمانی فراوانبوونێکی ئاسۆیی زۆر بەرفراوانی تێدا ڕوودا‌وە، بە ئەندازەیەك ڕووبەرەکەی نزیکەی پێنج هێندە زیادی کردووە. دەرەنجامە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە نیشانی دەدەن کە لەم قۆناغەدا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە شێوازی بەکارهێنانی زەویدا ڕوویداوە، بەجۆرێک ڕێژەی زەوی بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون بەشێوەیەکی بەرچاو کەم بووەتەوە، لە بەرامبەردا ڕێژەی بەکارهێنانی بازرگانی و خزمەتگوزاری بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیان کردووە.

دەرکەوتووە، هەر قۆناغێک مۆرکی تایبەتی خۆی لەسەر سیمای فیزیکیی شارەکە بەجێهێشتووە، بەڵام قۆناغی جیهانگیری بەهێزترین هۆکار بووە لە داڕشتنەوەی سیمای هاوچەرخی شارەکە، بەجۆرێك مۆرفۆلۆجیی شارێکی ناوخۆیی تێپەڕاندوە و جیهانگیری سیمایەکی نوێی جیهانیی پێداوە.

**کلیله وشەکان:** مۆرفۆلۆجیی شار، شاری سلێمانی، هەرێمایەتیبوون، جیهانگیری

## ١-١پێشەکی

شارەکان تەنها بینا و باڵەخانە و شەقام نین، بەڵکو وەک جەستەیەکی زیندوو لە گەشە و گۆڕانکاریی بەردەوامدان. سیمای فیزیکیی هەر شارێک، کە لە زاراوەی ئەکادیمیدا بە (مۆرفۆلۆجیای شار) ناسراوە، بەرئەنجامی مێژوویی ئەو هێزە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییانەیە، کە بە تێپەڕبوونی کات کاریان تێکردووە. شاری سلێمانی، وەک یەکێک لە شارە هەرە دیارەکانی کوردستان و عێراق، کە مێژووی دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٧٨٤، نموونەیەکی زیندووی ئەم پرۆسەیەیە. ئەم شارە لە ماوەی زیاتر لە دوو سەدەدا گۆڕانکارییەکی بەرچاوی لە قەبارە، شێوە و لێکەوتەدا بەخۆیەوە بینیوە. لە میرنشینێکی ناوخۆییەوە بۆ شارێکی

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12321]
- **Submission Date:** [2/2/2026], **Revised Date:** [2/2/2026], **Accepted Date:** [20/04/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

سنووری لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتەکاندا، لەوێشەوە بۆ ناوەندێکی کارگێری و ڕۆشنبیریی گرنگ لە حکومەتی هێمی کوردستاندا، تا دەگاتە ئەمڕۆ کە شەپۆلە بەهێزەکانی جیهانگیری لە شارەکەدا هەستپێدەکرێن و دەرکەوتەی شارەکەیان گۆڕیوە.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەو پرسیارە بنەڕەتییە بداتەوە: ئەو هۆکار و قۆناغانە چین کە پەرەسەندنی مۆرفۆلۆجیی شاری سلێمانییان لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ئێستا داڕشتووە؟ هەروەها دیاردەی جیهانگیری، بەتایبەتی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە، چ کاریگەرییەکی لەسەر خێرایی و ئاراستەی گەشەی شارەکە و جۆری بەکارهێنانی زەوی تێیدا بەجێهێشتووە؟ تێگەیشتن لەم ڕەوتە تەنها بۆ خوێندنەوەی ڕابردووی شارەکە گرنگ نییە، بەڵکو کلیلی تێگەیشتنە لە شوناسی ئێستا و ئەو ئاڵنگاری و دەرفەتانەی کە لە بەردەم پلاندانانی داهاتووی شارەکەدان.

بۆ شیکردنەوەی ئەم گۆڕانکارییانە، توێژینەوەکە مێژووی گەشەی شارەکەی بۆ چوار قۆناغی سەرەکیی مۆرفۆلۆجی دابەش کردووە، کە هەریەکەیان خاوەنی تایبەتمەندی و هۆکاری پاڵنەری خۆیەتی. قۆناغی یەکەم (١٧٨٤-١٩٤٧)، گەشەیەکی هێواش و ئۆرگانیکی لە خۆ دەگرێت کە لەژێر کاریگەریی ناسەقامگیریی سیاسیدا بووە. قۆناغی دووەم (١٩٤٨-١٩٧٧)، سەرەتای پلاندانانی مۆدێرن و فراوانبوونی ڕێکخراو نیشان دەدات کە بەهۆی پرۆژە گەشەپێدانەکانی دەوڵەت و داڕشتنی یەکەم ماستەرپلانەوە سەریهەڵدا. قۆناغی سێیەم (١٩٧٨-٢٠٠٢)، قۆناغی (گەشەی تەقینەوەیی) بوو کە دەرئەنجامی دوو هێزی دژبەیەک بوو، هێزی یەکەم خۆی لە (شارنشینکردنی بەزۆر)دا دەبینییەوە، کە لەلایەن ڕژێمی پێشووە وە جێبەجێدەکرا، هێزی دووەم لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ڕوویدا، کاتێك شاری سلێمانی بوو بە ناوەندێکی کارگێری و سیاسی. لە کۆتاییدا، قۆناغی چوارەم (٢٠٠٣-٢٠٢٤)، قۆناغی کرانەوەیە بە ڕووی جیهاندا، کە تێیدا هێزەکانی جیهانگیری بوونەتە بزوێنەری سەرەکیی گۆڕانکارییەکان و سیمایەکی نوێیان بە شارەکە بەخشیوە، چ لە ڕووی فراوانبوونی ئاسۆیی و ستوونی، چ لە ڕووی دەرکەوتنی جۆری نوێی بەکارهێنانی زەوی و شێوازی بیناسازییەوە.

لەم چوارچێوەیەدا، توێژینەوەکە بە پشت بەستن بە نەخشە و داتای مێژوویی و هاوچەرخ، شیکارییەکی وردی بۆ هەر قۆناغێک کردووە و نیشانی دەدات کە چۆن هەر سەردەمێک مۆرکی خۆی لەسەر سیمای فیزیکیی سلێمانی بەجێهێشتووە. لە کۆتاییدا، ئەم کارە تەنها گێڕانەوەیەکی مێژوویی نییە، بەڵکو شیکارییەکە بۆ ئەوەی بزانین چۆن هێزە ناوخۆیی و جیهانییەکان پێکەوە سیمای فیزیکی دەرکەوتەی شارەکەیان داڕشتووە.

## ١-٢ئامانجی توێژینەوە

ئامانجە سەرەکییەکانی توێژینەکە بریتین لە:

- دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی قۆناغە مۆرفۆلۆجییە سەرەکییەکانی شاری سلێمانی لە سەردەمی دامەزراندنییەوە تا ساڵی ٢٠٠٣، وەک بنەمایەک بۆ بەراوردکاری.
- جەختکردنەوە لە قۆناغی کۆتایی (٢٠٠٣-٢٠٢٤)، چونکە تیایدا کاریگەریی جیهانگیری لەسەر گەشەی فیزیکی و کارایی شاری سلێمانی دەردەکەوێت.
- بەراوردکردنی گۆڕانکارییەکان لە جۆری بەکارهێنانی زەوی، نیشتەجێبوون، تۆڕی ڕێگەوبان و ڕووبەری سەوزایی و خزمەتگوزارییەکان لە نێوان قۆناغی پێش جیهانگیری و قۆناغی جیهانگیریدا.

## ١-٣گرنگیی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە گرنگییەکی فرەڕەهەندی هەیە، چونکە بە وردی لە گۆڕانکارییە مۆرفۆلۆجییەکانی شارێکی زیندووی هەرێمی کوردستان دەکۆڵێتەوە. لە ڕووی ئەکادیمییەوە، بۆشاییەک لە کتێبخانەی کوردیدا پڕ دەکاتەوە بە شیکردنەوەی پەیوەندیی دیالێکتیی نێوان گۆڕانکارییە سیاسی و ئابوورییەکان، بەتایبەت کاریگەرییەکانی جیهانگیری و پەرەسەندنی مۆرفۆلۆجیی شاری سلێمانیدا. ئەم تێگەیشتنە بنەمایەکی کرداریی پتەو بۆ پلاندانەران و داڕێژەرانی سیاسەت دەخاتەڕوو، تا بتوانن گەشەی داهاتووی شار ئاراستە بکەن و ڕووبەڕووی کێشەی وەک فراوانبوونی هەڕەمەکی ببنەوە، تەنانەت پارێزگاری لە شوناسی مێژوویی و کولتووریی شارەکە بکەن.

هاوکات، توێژینەوەکە دەبێتە ئەرشیفێکی بەڵگەنامەیی گرنگ، تیایدا لە ڕێگەی نەخشە و داتاوە، چیرۆکی گەشەسەندنی شارەکە دەگێڕدرێتەوە و وەک سەرچاوەیەکی مێژوویی بۆ نەوەکانی داهاتوو دەمێنێتەوە. لە کۆتاییدا، خاڵی زۆر گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە تیشك دەخاتە سەر کاریگەریی ئەم گۆڕانکارییە مۆرفۆلۆجییانە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و شوناسی کولتووریی شاری سلێمانی وەک (پایتەختی ڕۆشنبیری)، بەتایبەت لە ئێستادا، کە سەردەمی کرانەوەی جیهانییە و جیهان بەکۆمەڵێك پرۆسەی بەجیهانیبوون پێکەوە بەستراوەتەوە و کاریگەرییان لەسەر تەواوی شارەکان هەیە.

## ١-٤کێشەی توێژینەوە

پەرەسەندنی خێرای مۆرفۆلۆجیی شاری سلێمانی لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوودا، بەتایبەتی لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)وە، دیاردەیەکی ئاڵۆز و فرەڕەهەند بووە. گەشەکردنەکە لە شارێکی نیمچە داخراو و سنووردار لەژێر دەسەڵاتێکی ناوەندیدا، بۆ شارێکی کراوە و پەیوەست بە تۆڕە ئابووری و کولتوورییە جیهانییەکان، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی لە پێکهاتە و مۆرفۆلۆجییەکەیدا دروست کردووە. کێشەی سەرەکیی توێژینەوەکە لە شیکردنەوەی ئەم گۆڕانکارییە قووڵانە و ناسینەوەی هێزە پاڵنەرەکانی پشت هەر قۆناغێکی مۆرفۆلۆجی دایە.

بۆیە دەکرێت کێشەکە بۆ ئەم پرسیارانەی خوارەوە وردبکرێتەوە:

١- ئەو هۆکار و قۆناغانە چین کە پەرەسەندنی مۆرفۆلۆجیی شاری سلێمانییان لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ئێستا داڕشتووە ؟

٢- گرنگترین گۆڕانکارییەکان لە ڕووی فراوانبوونی ڕووبەر، جۆری بەکارهێنانی زەوی، لەگەڵ پێکهاتەی شاردا چیین، کە لە دوای ساڵی (2003) وە بەدیدەکرێن؟

٣- ئایا كرانەوەی سیاسی، دواتر ئابووریی و كولتووری و تەكنەلۆجی لەدوای ساڵی (2003)وە، بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی شێوازێكی نوێ لە گەشەی شارنشینی و مۆرفۆلۆجیی شار، كە جیاواز بێت لە قۆناغەكانی پێشووتر؟

## ١-٥ڕێبازو میتۆدی توێژینەوە (Methodology)

بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانی توێژینەوەكە و وەڵامدانەوەی پرسیارەكان، لە توێژینەوەكەدا پشت بە ڕێباز و میتۆدێكی تێكەڵاو و هەمەلایەن بەستراوە:

### ١-٥-١ڕێبازی ئیستیقرائی

ئەم ڕێبازە هەوڵدەدات لەبەشەكانی دیاردەیەكەوە تێگەیشتینی وردوو قووڵ لەسەر كۆی گشتی دیاردەكە كۆبكاتەوە و لەسروشتی دیاردەكە بگات. لەم توێژینەوەیەدا ئەم ڕێبازە بەكارهاتووە تاكو قۆناغ بەقۆناغ لەپەرەسەندنی مۆرفۆلۆجی شارەكە تێبگەین و بزانرێت ئەو مۆرفۆلۆجییەی كە ئێستا شاری سلێمانی هەیەتی بەرئەنجامی پەرەسەندنی بەشە جیاوازەكانیەتی لەسەرەتایی دروستبوونیەوە تاكو ساڵی ئامانجی توێژینەوەكە.

### ١-٥-٢ڕێبازی مێژوویی(Historical Approach)

ئەم ڕێبازە بەكارهاتووە بۆ دیاریكردنی پەرەسەندنی مۆرفۆلۆجیی شار بەپێی قۆناغە مێژووییە دیاریكراوەكان. لە ڕێگەی ئەم ڕێبازەوە، ڕووداو و گۆڕانكارییە سیاسی و ئابوورییەكان بە گەشەی فیزیكیی شارەوە بەستراونەتەوە.

### ١-٥-٣ڕێبازی پەسنی-شیكاری (Descriptive-Analytical Approach)

هاوكات لەگەڵ پەسنی گۆڕانكارییەكاندا، داتاكان شی دەكرێنەوە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان هۆكار و دەرئەنجامەكان. سیمای شار لە هەر قۆناغێكدا وەسف كراوە و دواتر هۆكارەكانی پشت ئەو گۆڕانكارییانە شیكراونەتەوە.

### ١-٥-٤ڕێبازی بەراوردكاری (Comparative Approach):

بەكارهاتووە بۆ بەراوردكردنی قۆناغە جیاوازەكانی گەشەی شار لەگەڵ یەكتردا، بە مەبەستی دەرخستنی جیاوازی و لێكچوونەكان لە ڕووی خێرایی، ئاراستە، و شێوازی فراوانبوونەوە.

### ١-٥-٥ئامرازەكانی كۆكردنەوەی داتا (Data Collection Tools):

ئەو ئامرازانەی لە توێژینەوەكەدا بۆ كۆكردنەوەی داتان بەكارهاتووە، بریتین لە سەرچاوە نووسراوەكانی وەك: كتێبە مێژوویی و جوگرافییەكان، توێژینەوە ئەكادیمییەكانی پێشووتر، لەگەڵ بەڵگەنامە و ئامارە فەرمییەكانی حكومەت (وەك سەرژمێرییەكانی دانیشتووان).

هەروەها سیستمی زانیاریی جوگرافی (GIS) و هەستكردن لە دوورەوە (RS)، كە ئەمەیان ئەمە یەكێكە لە ئامرازە سەرەكییەكانی توێژینەوەكە. سوود لە وێنە ئاسمانییەكانی (Satellite Imagery)مانگە دەستكردەكانی وەك Landsat و نەخشە مێژووییەكان وەرگیراوە. ئەم نەخشە و وێنانە دیجیتاڵ كراون بۆ:


- دیاریكردنی سنووری شار لە قۆناغە جیاوازەكاندا.
- پێوانەكردنی ڕووبەری فراوانبوونی شار.
- شیكردنەوەی گۆڕانكاری لە بەكارهێنانی زەویدا.

## ١-٦ناوچەی توێژینەوە

شوێنگەی جوگرافیایی ناوچەی توێژینەوە بریتییە لە شاری سلێمانی، كە دەكەوێتە پارێزگای سلێمانی لە باكووری ڕۆژهەڵاتی عێراقی فیدراڵ و لە چوارچێوەی هەرێمی كوردستاندایە (نەخشەی ١). شاری سلێمانی وەك ناوەندێكی گەورەی ئابووری، ڕۆشنبیری و ئیداری لە ناوچەكەدا هەژمار دەكرێت. پێگە جوگرافییەكەی وای كردووە كە ببێتە خاڵی پێكگەیشتنی چەندین چالاكیی مرۆیی و سروشتی، ئەمەش وای لێ دەكات كە ببێتە ژینگەیەكی گونجاو بۆ توێژینەوەی زانستی لە بوارە جیاجیاكاندا.

بەپێی زانیارییەكانی سەر نەخشەكە، شوێنی ئەسترۆنۆمی ناوچەی توێژینەوە لە نێوان بازنەكانی پانی (N ″٠ ′٣٥°٢٨) بۆ (N ″٣٠ ′٣٥°٣٦) و هێڵەكانی درێژی (E ″٠ ′٤٥°١٥) بۆ (E ″٣٠ ′٤٥°٢٩) هەڵكەوتووە. ڕووبەری شاری سلێمانی لەساڵی ٢٠٢٤ دا بریتیەلە (19431.1) هێكتار، شارەكە لە ڕووی تۆپۆگرافییەوە لەناو دۆڵێكی فراواندا بنیات نراوە كە بەرزاییەكەی لە ئاستی ڕووی دەریاوە بە تێكڕا نزیكەی ٨٥٠ مەتر دەبێت. ئەم دۆڵە لە باكووری ڕۆژهەڵاتەوە بە زنجیرەچیاكانی ئەزمەڕ و گۆیژە دەورە دراوە، كە كاریگەرییەكی بەرچاویان لەسەر ئاووهەوا و سیستەمی هایدرۆلۆجیی ناوچەكە هەیە.

نەخشەی (1): سنوری شارەوانیەكانی سلیمانی بەگوێرەی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی كوردستانی عێراق لە سالی 2024





- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12321]
- **Submission Date:** [2/2/2026], **Revised Date:** [2/2/2026], **Accepted Date:** [20/04/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

## ٢-١قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکانی شاری سلێمانی

دیاردەی جیهانگیری، وەک پرۆسەیەکی بەردەوامی مرۆیی، لە سەرجەم قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکانی شاری سلێمانیدا وەک پرۆسەیەکی بەردەوامی مرۆیی ئامادەیی هەبووە، بەڵام تا ساڵی (٢٠٠٣)، و ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق، کاریگەرییەکانی ئەم پرۆسەیە لەژێر کۆنترۆڵی توندی ئەو دەسەڵاتەدا بووە. لەو سەردەمەدا، سنوورە سیاسییەکانی عێراق بەپێی ویستی ناوەندی و بە مەبەستی پاراستنی قەوارەیەکی داخراو، ڕێگرییان لە لێشاوە جۆراوجۆرەکانی جیهانگیری دەکرد، بەو واتایەی میکانیزم و بەرهەمەکانی بەجیهانیبوون بەئاسانی و بێ بەربەست و کۆنترۆڵکردن نەیاندەتوانی سنووری سیاسیی عێراق تێپەڕێنن. بەکۆتاییهاتنی ئەو دەسەڵاتە، عێراق و هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ بوونە بەشێک لە سیستەمی جیهانی، کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ڕەنگدانەوەی جیهانگیری لەسەر سیمای شارەکە خێراتر و ڕوونتر دەربکەوێت، بەتایبەت کە لە دوای ئەو قۆناغەوە هیچ جۆرە سنووربەندی و ئاراستەکردنێکی ناوەندی لەسەر هەرێمی کوردستان نەما. بۆیە، لەم توێژینەوەیەدا زۆرترین جەخت لەسەر ماوەی مۆرفۆلۆجیی کۆتایی (٢٠٠٣-٢٠٢٤) دەبێت، چونکە لەم ماوەیەدا هەرسێ ڕەهەندە سەرەکییەکەی جیهانگیری (سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی) بە شێوەیەکی تێهەڵکێش پێکەوە کاریان لەسەر کاڵکردنەوە و سڕینەوەی سیمای قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکانی پێشتر کردووە و گۆڕانکارییەکی بەرچاویان بەسەر دەرکەوتەی فیزیکیی شارەکەدا هێناوە.

بەگوێرەی ستراتیژ و ئامانجەکانی تێزەکە، قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکانی شاری سلێمانی بۆ چوار قۆناغی جیاواز دابەشکراوەن، هەریەک لە قۆناغەکان و تایبەتمەندییەکانیان دەخرێنە ڕوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

### ٢-١-١قۆناغی مۆرفۆلۆجیی یەکەم (سەرەتای دامەزراندنی شارەکە تا ساڵی١٩٤٧)

شاری سلێمانی لە ساڵی (١٧٨٤ز) لە لایەن ئیبراهیم پاشای بابانەوە وەک پایتەختی میرنشینی بابان دامەزرا. ئەم سەردەمە هاوکات بوو لەگەڵ هەژموونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ناوچەکەدا، کە تێیدا شارەکە وەک بەشێک لە ویلایەتی مووسڵ لەژێر کاریگەریی سیستەمی کارگێڕیی عوسمانیدا بوو. لە لایەکی دیکەوە، بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافییەکەیەوە، شاری سلێمانی وەک شارێکی سنووری لە ژێر کاریگەریی ململانێی بەردەوامی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئێران (سەفەوی و قاجاری)ـدا بووە. ئەم پێگە جیۆپۆلیتیکییە و ناسەقامگیریی سیاسیی نێوان دوو ئیمپراتۆریەتە گەورەکە و کێشمەکێشی نێوان میرنشینە کوردییەکان (بابان و ئەردەڵان)، پشێوییەکی بەردەوامی بۆ شارەکە هێنابوو. ئەم بارودۆخە سیاسییە نالەبارە تا ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی و دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی (١٩٢١) بەردەوام بوو، دواتر شارەکە دەبێتە ناوەندی یەکێک لە پارێزگاکانی عێراق **(بابان، ١٩٩٢، ل١٥١-١٥٨)** .

بێگومان پشێویی سیاسی، بارودۆخی دیمۆگرافیی دانیشتووان لەوکاتەدا لەگەڵ هێواشیی پرۆسەی گەشەی ئابووری و بارودۆخی کۆمەڵایەتی تاکو کۆتایی ئەم قۆناغە، هۆکاربوون بۆ ئەوەی گەشەی شارنشینی و فراوانبوونی شار یەکجار لەسەرخۆبێت، بۆیە، ئەم قۆناغە مۆرفۆلۆژییە ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت، دەتوانین بڵێین سیمای فیزیکی شارەکە تا کۆتایی ئەم قۆناغە بە شێوەیەکی بنەڕەتی تایبەتمەندییە نەریتییەکەی خۆی پاراستووە و گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە مۆرفۆلۆجیی شارەکە ڕووی نەداوە.

وەک لە خشتەی (1)ـدا دەردەکەوێت، شاری سلێمانی لەم قۆناغەدا تاکو ساڵی ١٩٤٧ لە هەریەک لە گەڕەکەکانی (کانێسکان، مەڵکەندی، چوارباخ، گۆیژە، دەرکەزین، سەرشەقام، جولەکان) پێکهاتبوو. ئەم حەوت گەڕەکە لەڕووی جیاوازیی ڕووبەر و ژمارەی دانیشتووان و چڕیی نیشتەجێبوونی دانیشتووانەوە ناهاوسەنگییەکی بەرچاویان تێدا بەدی دەکرێت. گەڕەکی کانی ئاسکان بە ڕووبەری (٥٥.٦ هێکتار) گەورەترین پانتایی شارەکەی پێکهێناوە، لە بەرامبەردا گەڕەکی چوارباخ بە ڕووبەری (١٨.٢ هێکتار) بچووکترین گەڕەک بووە، بەگشتی ڕووبەی ئاوەدانیی شارەکە لەم قۆناغەدا بریتیبووە لە (٢٤٨.٦) هێکتار. لەسەر ئاستی دابەشبوونی دانیشتووان، دیسانەوە جیاوازیی بەرچاو لە نێوان گەڕەکەکاندا هەیە، گەڕەکی گۆیژە زۆرترین ژمارەی دانیشتووانی تێدا نیشتەجێبووە، کە ژمارەیان (٧,٠١٢) کەس بووە، لە کاتێکدا گەڕەکی جولەکان بە (٢,٢١٣ کەس) کەمترین ژمارەی دانیشتووانی تێدا تۆمار کراوە. کۆی گشتیی دانیشتووانی شار لە کۆتایی ئەم قۆناغەدا (٣٣,٥١٠) کەس بووە، کە بە تێکڕای چڕی (١٣٤.٨ کەس/هێکتار) لەسەر ڕووبەری گشتیی شار دابەش بوون. ئامارەکانی چڕی نیشان دەدەن کە گەڕەکی سەرشەقام بە چڕیی (٢٣٥.٦ کەس/هێکتار) بە قەرەباڵغترین گەڕەک لە ڕووی نیشتەجێبوونەوە دادەنرێت.

خشتەی (1): چڕیی نیشتەجێبوونی گەڕەکەکان، لە قۆناغی مۆرفۆلۆجیی یەکەمدا (١٩٤٧)

| ناوی گەڕەک | دانیشتووان | | ڕووبەر (هێکتار) | | چڕیی دانیشتووان کەس/هێکتار |
|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | (%)ـی کۆی شار | ڕووبەر | (%)ـی کۆی شار | |
| کانی ئاسکان | ٦١٦٥ | 18.4 | ٥٥.٦ | ٢٢.٤ | ١١٠.٩ |
| مەڵکەندی | ٦٩٠٨ | 20.6 | ٤١.٣ | ١٦.٦ | ١٦٧.٣ |
| چوارباخ | ٣٩٠٩ | 11.7 | ١٨.٢ | ٧.٣ | ٢١٤.٨ |
| گۆیژە | ٧٠١٢ | 20.9 | ٣٣.٢ | ١٣.٤ | ٢١١.٢ |
| دەرکەزێن | ٢٤٢٦ | 7.2 | ٤١.٤ | ١٦.٧ | ٥٨.٦ |
| سەرشەقام | ٤٨٧٧ | 14.6 | ٢٠.٧ | ٨.٣ | ٢٣٥.٦ |
| جولەکان | ٢٢١٣ | 6.6 | ٣٨.٢ | ١٥.٤ | ٥٧.٩ |
| کـــــــۆ | ٣٣٥١٠ | 100.0 | ٢٤٨.٦ | 100.0 | ١٣٤.٨ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە: زانراوەکانی نەخشەی (1) (المملكة العراقية، 1947: 152-154).

تایبەتمەندیی شارستانیی ئەم ماوەیە بەجۆرێک بووە، زۆرترین چالاکییە ئابووری و پیشەیی و کارگێڕییەکانی شارەکە لە ناوەندی شاردا چڕ بووبوونەوە، هۆکارەکەی بۆ بچوکی شارەکە و تایبەتمەندیی شارستانیی ئەو کاتە دەگەڕێتەوە، کە شار یەک ناوەندی هەبووە و مزگەوت یان ناوەندی کارگێڕیی بەڕێوەبردنی شارەکە کەوتوتە ناوەڕاستی شارەکەوە (قەڵایەک بوو هەمان شوێنی سەرای ئێستا دەکات). بۆیە چڕیی نیشتەجێبوونی گەڕەکەکانی ناوەندی شار بەرزتربوون لە گەڕەکە پەراوێزەکان، لەم نێوەندەدا گەڕەکی سەرشەقام زۆرترین چڕیی نیشتەجێبوونی هەبووە کە نزیکەی (٢٣٦) کەس لە یەک هێکتاردا نیشتەجێبوون لە بەرانبەردا هەرچەندە گەڕەکی دەرکەزێن دووەم گەورەترین گەڕەک بووە، بەڵام کەمترین چڕیی نیشتەجێبوونی تێدابووە، ئەویش نزیکەی (٥٨) کەس بووە لە هێکتارێکدا. بەگشتی چڕیی نیشتەجێبوون لە سەرجەم ڕووبەری شارەکەدا بریتیبووە لە (١٣٤.٨ کەس / هێکتار).

هەروەها وەک لە نەخشەی (٢)ـدا دەردەکەوێت، پێکهاتەی شێوەی کۆڵانەکانی ناوشار لەم قۆناغەدا بە شێوازێکی پێچاوپێچ و نارێکن دەردەکەوێت، بە جۆرێک زۆرینەیان بنبەستن و بە یەکتری ناگەنەوە. ئەم نارێکییە لە تۆڕی شەقامەکاندا بۆ سادەیی سیستەمی گواستنەوەی ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە، کە هۆکارەکانی گواستنەوە زیاتر بە وڵاغ (ئەسپ و عارەبانە) ئەنجامدراون، هەر ئەمەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی پانیی کۆڵانەکان یەکجار کەم بێت، لە هەندێک لە کۆڵانەکان تەنیا (٤) مەتر پانیان هەبووە.

نەخشەی (٢): قۆناغی یەکەمی مۆرفۆلۆجی شاری سلێمانی لەسەرەتای دروستبوونیەوە تاساڵی ١٩٤٧



سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە (**سعید، 2011: 76**).

**٢-١-٢قۆناغی مۆرفۆلۆجیی دووەم (١٩٤٨-١٩٧٧)**


دوابەدوای جەنگی دووەمی جیهانی، لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٤٨-١٩٥٨)، واتە تا کۆتاییهاتنی سیستمی پاشایەتی عێراق بەگشتی (شاری سلێمانی وەک بەشێک لە عێراق) تارادەیەکی باش بە بەراورد بە کاتی جەنگ، سەقامگیریی بەخۆیەوە بینی، بێگومان ئەمەش یارمەتیدەر بوو لە گەشەکردنی دانیشتوان و پەرەپێدانی ژێرخانی لە شاری سلێمانیدا، چونکە بەگشتی دوای بەرقەراربوونی ئاسایش و نەمانی جەنگ، وشیاریی نەتەوەیی و سیاسی و ڕۆشنبیریی دانیشتووان زیادیانکرد .

گەشەکردن و فراوانبوونی خێرای شاری سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٥٠ بۆ ١٩٧٧، دەرەنجامی کۆمەڵێك کارلێکی هەمەلایەنەی نێوان سیاسەتی گەشەپێدانی دەوڵەت و ناسەقامگیریی سیاسیی ناوچەکە بوو. یەکێک لە بزوێنەرە سەرەکییەکانی ئەم گەشەیە، ئەو پرۆژە ژێرخانی و پیشەسازییانە بوون لەلایەن (ئەنجومەنی ئاوەدانیی عێراق)ـەوە ئەنجامدران، ئەم ئەنجومەنە لە ساڵی ١٩٥٠ دامەزرا و پشتی بە داهاتی نەوت دەبەست، پرۆژەی ستراتیژیی گەورەی لە سەرتاسەری وڵاتدا جێبەجێ دەکرد **Batatu, (1978), p59.** لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا دروستکردنی بەنداوی دوکان و کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار (١٩٥٥)، هەروەها کارگەی پوختەکردنی توتن و جگەرە لە نموونە دیارەکان بوون. ئەم پرۆژانە نەک هەر ژێرخانی ئابووریی ناوچەکەیان بەهێز کرد، بەڵکو بوونە هۆی ڕەخساندنی هەلی کاری بەرفراوان و شاری سلێمانیان کردە ناوەندێکی ڕاکێشەری ئابووری **(الدفتر، حسن، 1955، ص339)**. هاوکات، دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی لە ڕێکەوتی ٢٣ / ١٠ / ١٩٦٨ بەپێی یاسای ژمارە ١٤٣ی خوێندنی باڵا، وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە ناسنامەی شارەکەدا **(سایتی زانکۆی سلێمانی)**. زانکۆ وەک ناوەندێکی زانستی و ڕۆشنبیری، ڕۆڵێکی چارەنووسسازی لە بەهێزکردنی پێگەی شارەکەدا گێڕا، کە ئەمەش بووە هۆی ڕاکێشانی شەپۆلێکی نوێی دانیشتووان لە مامۆستایان و خوێندکاران و پسپۆڕان لە ناوچە جیاوازەکانەوە بۆ ناوەندی شارەکە، دواجار هەموو ئەم فاکتەرانە پێکەوە سیمای مۆرفۆلۆجیی شارەکەیان بەرەو فراوانبوونێکی بێپێشینە برد.

لەگەڵ ئەوەشدا، هۆکارێکی تر لەم قۆناغەدا هاتە ئاراوە، ئەویش داڕشتنی یەکەم ماستەرپلان (دیزاینی بنەڕەتی) بوو بۆ شاری سلێمانی لە ساڵی ١٩٥٧ لەلایەن کۆمپانیای یۆنانی (دۆکسیادیس). ئەم پلانە کە بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ داڕێژرابوو، بووە نەخشەڕێگایەکی فەرمی و چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ ڕێکخستنی فراوانبوونی فیزیکیی شارەکە. ماستەرپلانەکە چەمکە نوێیەکانی شارسازیی مۆدێرنی وەک ناوچەبەندی بۆ بەکارهێنانەکانی زەوی (نیشتەجێبوون، بازرگانی، پیشەسازی) و تۆڕێکی شەقامی پلەبەندی کە لە شەقامی سەرەکی و لاوەکی پێک دەهات، هێنایە ناو مۆرفۆلۆجیی شارەکەوە. ئەمە وایکرد کە گەشەی شار لە شێوەی پەرشوبڵاو و ئۆرگانیکی کۆنەوە بگۆڕێت بۆ فراوانبوونێکی ڕێکخراو و ئەندازەیی، کە تێیدا گەڕەکە نوێیەکان بە شێوازی شەترەنجی و بە پێی ستاندارده ئەندازیارییەکان دروست دەکران **Mohammed, Rasul and Mohammed, (2023), p19**. لە ئەنجامدا، دەکرێت بڵێین مۆرفۆلۆجیی شاری سلێمانی لەم قۆناغەدا، بەرهەمی کارلێکی نێوان هەریەك لە پاڵنەرەکانی وەك: (ناسەقامگیری)، لەگەڵ ڕاکێشەرەکانی وەك: (پرۆژە ئابوورییەکان)، بەهاوبەشی لەگەڵ پلاندانان (ماستەرپلان) بوو، کە سیمای فیزیکیی شارەکەی بۆ دەیان ساڵی داهاتووتر دیاریکرد.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12321]
- **Submission Date:** [2/2/2026], **Revised Date:** [2/2/2026], **Accepted Date:** [20/04/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

نەخشەی (٣): قۆناغی دووەمی مۆرفۆلۆجی شاری سلێمانی نێوان ساڵانی ١٩٤٨-١٩٧٧




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە وێنەی ئاسمانی **(landsat 4)** لە ڕێکەوتی (١٩٧٧/٦/٣٠).

هاوتەریب لەگەڵ هۆکارە ڕاکێشەرە ئابوورییەکان، بارودۆخی سیاسیی ناوچەکە هۆکارێکی بەهێز بوو بۆ کۆچکردن. ناسەقامگیریی سیاسی، بەتایبەت شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکانی کورد لە دژی حکومەتە ناوەندییەکان و سیاسەتە توندڕەوەکانی ڕژێمی ئەوکات (وەک بەعەرەبکردن و ڕاگواستنی گوندەکان)، ژیانی لە ناوچە گوندنشینەکاندا بەرەو مەترسی و نادڵنیایی برد **(مینە، 1999، ل154)**. ئەم دۆخە بووە هۆی دروستبوونی شەپۆلێکی بەرفراوانی کۆچی ناچاری و پەناهێنان بۆ شارەکان، دوای ئەوەی بڕیاردرا نشینگە دێهاتییە سنوورییەکان بەقوڵایی (10 - 20)کم بڕوخێنرێن، لە زۆربەی ناوچەکاندا ئۆردوگای زۆرەملێ دروستکران، بۆ نیشتەجێکردنی ڕاگوێزراوان بە تایبەت لە قەزا سنوورییەکان، بەشێکی تری دانیشتووان بۆ ناوەندی شارە گەورەکان کۆچیانکرد **(البالاني، 200٩، ص111)**، کە شاری سلێمانی بەشێکی زۆری لەو دێنشینانە تێدا نیشتەجێبوو.

هەرچەندە ئەم قۆناغە بە بەراورد بە قۆناغی پێشوو کورتتر بوو، بەڵام وەک لە نەخشەی (3)ـدا خراوەتە ڕوو، شاری سلێمانی بازدانێکی مۆرفۆلۆجیی گەورەی بەخۆیەوە بینی، بە جۆرێک ڕووبەری ئاوەدانیی شارەکە لە (٢٤٨.٦ هێکتار)ـەوە بۆ (١٤٧٨.٣ هێکتار) زیادی کرد . هەروەها خشتەی (٢) چڕیی نیشتەجێبوونی گەڕەکەکانی شاری سلێمانیی لەم قۆناغەدا خستوتەڕوو، بەپێی داتاکان، بەرزترین ئاستی چڕی لە گەڕەکی سەرشەقامدا تۆمار کراوە (وەک گەڕەکێکی ناوەندی شار)، کە گەیشتووەتە نزیکەی (٥١٨ کەس/هێکتار)، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەو فشارە دیمۆگرافییە گەورەیەی کە لەو قۆناغەدا کەوتووەتە سەر ناوەندی مێژوویی شارەکە.

خشتەی (2): چڕیی نیشتەجێبوونی گەڕەکەکان، لە قۆناغی مۆرفۆلۆجیی دووەمدا (١٩٤٨-١٩٧٧)

| ژ | ناوی گەڕەک | دانیشتووان: ژمارە | دانیشتووان: (%)ی کۆی شار | ڕووبەر (هێکتار): ڕووبەر | ڕووبەر (هێکتار): (%)ی کۆی شار | چڕیی دانیشتووان کەس/هێکتار | ڕیزبەند |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1. | سەیوان | ٢٢٧٦ | ١.٥ | ٥٣.٣ | ٣.٦ | ٤٢.٧ | ١٨ |
| 2. | حاجی ئاوا | ٦٢٠ | ٠.٤ | ٤٢.٥ | ٢.٩ | ١٤.٦ | ٢٢ |
| 3. | خەبات | ١٢٩٠٠ | ٨.٤ | ٣٧.٤ | ٢.٥ | ٣٤٤.٩ | ٤ |
| 4. | گۆیژە | ١٥٠٠٢ | ٩.٧ | ٣٢.٣ | ٢.٢ | ٤٦٤.٥ | ٢ |
| 5. | دەرگەزێن | ٢٩٠٢ | ١.٩ | ٤١.٤ | ٢.٨ | ٧٠.١ | ١٤ |
| 6. | سەرشەقام | ١٠٧١٧ | ٦.٩ | ٢٠.٧ | ١.٤ | ٥١٧.٧ | ١ |
| 7. | کانی ئاسکان | ١١٢٢٦ | ٧.٣ | ٥٥.٦ | ٣.٨ | ٢٠١.٩ | ٨ |
| 8. | مەڵکەندی | ١١٨٣٥ | ٧.٧ | ٤١.٣ | ٢.٨ | ٢٨٦.٦ | ٥ |
| 9. | جولەکان | ٢٢٤١ | ١.٥ | ٦٢.٥ | ٤.٢ | ٣٥.٩ | ١٩ |
| 10. | داروغا | ٩٧١٣ | ٦.٣ | ٣٦.٧ | ٢.٥ | ٢٦٤.٧ | ٦ |
| 11. | ئازادی شەهیدان | ١٢٣٢٠ | .٨ | ١٠٢.٩ | .٧ | ١١٩.٧ | ١١ |
| 12. | قلیاسان | ٦١٩ | ٠.٤ | ٢٤.٢ | ١.٦ | ٢٥.٦ | ٢١ |
| 13. | ولوبە | ٢٧٢ | ٠.٢ | ٢٦.١ | ١.٨ | ١٠.٤ | ٢٤ |
| 14. | توی مەلیک | ٢٨٥١ | ١.٨ | ٦٥.٩ | ٤.٥ | ٤٣.٣ | ١٧ |
| 15. | هەوارە بەرزە | ٤٨٧ | ٠.٣ | ٥٢.٩ | ٣.٦ | ٩.٢ | ٢٥ |
| 16. | مەجید بەگ | ١١٣٢٤ | ٧.٣ | ٨٢.١ | ٥.٦ | ١٣٧.٩ | ٩ |
| 17. | ئەزمەڕ | ٦٢٠٥ | .٤ | ١٧.٦ | ١.٢ | ٣٥٢.٦ | ٣ |
| 18. | شۆڕش | ٣٢٣١ | ٢.١ | ٩٧.٨ | ٦.٦ | .٣٣ | ٢٠ |
| 19. | برایان | ٤٨٧٥ | ٣.٢ | ٣٧.٤ | ٢.٥ | ١٣٠.٣ | ١٠ |
| 20. | ئاشتی | ٢٥٥٤ | ١.٧ | ٤٣ | ٢.٩ | ٥٩.٤ | ١٦ |
| 21. | کارێزە وشک | ٥٩٠٩ | ٣.٨ | ٥٥ | ٣.٧ | ١٠٧.٤ | ١٢ |
| 22. | مامۆستایان | ٧٦٥ | ٠.٥ | ١٠٣.١ | .٧ | ٧.٤ | ٢٧ |
| 23. | چوارباخ | ١٠٩٩٧ | ٧.١ | ٥٣.٤ | ٣.٦ | ٢٠٥.٩ | ٧ |
| 24. | شارەوانی | ٧٠٤ | ٠.٥ | ٦١.٢ | ٤.١ | ١١.٥ | ٢٣ |
| 25. | شێخ محێدین | ١٠٠٣٧ | ٦.٥ | ٩٧.٣ | ٦.٦ | ١٠٣.٢ | ١٣ |
| 26. | ڕزگاری | ٢٦٤ | ٠.٢ | ٤٠.٧ | ٢.٨ | ٦.٥ | ٢٨ |
| 27. | شەکرەکە | ٧٥٨ | ٠.٥ | ٨٢ | ٥.٥ | ٩.٢ | ٢٥ |
| 28. | قرگە | ٧٨٦ | ٠.٥ | ١٢ | ٠.٨ | ٦٥.٥ | ١٥ |
| | کــــــۆ | ١٥٤٣٩٠ | 100.0 | ١٤٧٨.٣ | 100.0 | ١٠٤.٤ | |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە: زانراوەکانی نەخشەی (2-1)، (الجمهورية العراقية، 1977: 61-63).


هۆکاری بەرزیی چڕیی لە گەڕەکێکی ناوەندی شار بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە شار لەو سەردەمەدا یەک ناوەندی بازرگانی (CBD)ـی هەبووە و زۆرینەی چالاکییە بازرگانییەکانی تێدا کۆببووەتەوە، بۆیە خواستێکی زۆر لەسەر نیشتەجێبوون لە گەڕەکەکانی دەوروبەری بازاڕ دروستبووە. هەرچەندە زۆرترین ژمارەی دانیشتووان لەم قۆناغەدا لە گەڕەکانی (گۆیژە و خەبات و مەڵکەندی) نیشتەجێبوون، بەڵام گەڕەکی سەرشەقام لە ڕووی چڕییەوە لە ڕیزبەندی یەکەمدا بووە. ئەگەر تێکڕای چڕیی گشتیی نیشتەجێبوون بۆ سەرجەم گەڕەکەکان (کۆی گشتی ڕووبەری شار) لەگەڵ قۆناغی پێشوو بەراورد بکرێت، دەردەکەوێت کە لە (١٣٤.٨ کەس/هێکتار)ـەوە بۆ (١٠٤.٤ کەس/هێکتار) کەمیکردووە. ئەم دابەزینە لە ئاستی چڕیدا، گوزارشت لە گۆڕانکارییەکی مۆرفۆلۆجیی گەورە دەکات، چونکە نیشانی دەدات کە گەشەی شار تەنیا بۆ نیشتەجێبوون نەبووە، بەڵکو فراوانبوونی ڕووبەری فیزیکی و پەرەسەندنی تۆڕی شەقامەکان خێراتر بووە لە ڕێژەی زیادبوونی دانیشتووان. پانتایی ئاوەدانیی شار لەم قۆناغەدا نزیکەی شەش هێندەی قۆناغی یەکەم زیادی کردووە، ئەمەش هاوتەریب بووە لەگەڵ گەشەپێدانی ژێرخان و فرەچەشنبوونی بەکارهێنانەکانی زەوی لە دەرەوەی کەرتی نیشتەجێبوون، کە دەرەنجام سیمایەکی کراوەتر و بەرفراوانتری بە مۆرفۆلۆجیی سلێمانی بەخشیوە.

### ٢-١-٣قۆناغی مۆرفۆلۆجیی سێیەم (١٩٧٨-٢٠٠٢)

شاری سلێمانی لەم قۆناغەدا فراوانبوونێکی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت، بە جۆرێک ڕووبەری ئاوەدانی لە (١٤٧٨.٣ هێکتار)ــەوە بۆ (٣٩٨٢.٨ هێکتار) زیادی کردووە، ئەم بازدانە

بە زیادبوونی ڕەهای (2504.5هێکتار) هەژمار دەکرێت، نیشانی دەدات کە ڕووبەری شارەکە لەم ماوەیەدا نزیکەی سێ هێندە گەورەتر بووە. هەروەها لەم قۆناغەدا ژمارەی گەڕەکەکانی شار گەیشتووەتە (٧٩) گەڕەک، بەشێوەیەکی سەرەکیی ئەم فراوانبوونە بریتی بووە لە پرۆسەی پڕکردنەوەی فەزایی بەو واتایەی بۆشاییە نیشتەجێبوونەکانی نێوان گەڕەک و کەرتە جیاوازەکانی شار کەم بوونەتەوە و شار بەرەو فۆرمێکی چڕتر و یەکگرتووتر هەنگاوی ناوە. بە بەراوردکردنی نەخشەی شاری سلێمانی لە نێوان ساڵانی (١٩٧٧ و ٢٠٠٢)ـدا، گۆڕانکارییەکی فراوانیی بەرچاو و خێرا لە قەبارە و مۆرفۆلۆجیای شارەکەدا دەبینرێت. لە ڕووی ڕووبەرەوە، بە ڕوونی دیارە کە شارەکە لە ماوەی ئەم ٢٥ ساڵەدا (2.7) جار گەورەتر بووەتەوە و فۆرمێکی تارادەیەک چڕ و پێکەوەلکاوی بەراورد بە ساڵی ١٩٧٧بەخۆوە بینیوە، گرنگترین خاڵی جیاوازییەکە گۆڕانکارییە لە ئاراستەی فراوانبووندا؛ گەشەی شارەکە بە شێوەیەکی تەریب بە درێژایی شەقامە سەرەکییەکانی هاتووچۆ چڕبووەتەوە، بەتایبەتی بە ئاراستەی ڕۆژئاوا (بەرەو تاسڵوجە) و باشوور و باشووری ڕۆژهەڵات (بەرەو عەربەت). ئەمەش دەریدەخات کە تۆڕی ڕێگەوبان ڕۆڵی سەرەکیی لە دیاریکردنی نەخشەی گەشە و مۆرفۆلۆجیی شارەکەدا بینیوە. بڕوانە نەخشەی (4).

نەخشەی (4): قۆناغی سێیەمی مۆرفۆلۆجی شاری سلێمانی لەنێوان (١٩٧٨-٢٠٠٢)




سەرچاوە: کاری توێژەر لەڕێگەی لەدوورەوە هەستکردن، بە پشتبەستن بە وێنەی ئاسمانی **(landsat 7)** لە ڕێکەوتی (2002/٦/21).

کۆمەڵێک هۆکاری ئابووری و پیشەسازیی گرنگ هەبوون، لەم ماوەیەدا ڕۆڵیان هەبووە بۆئەوە شاری سلێمانی بەم شێوەیە گەشەیەکی خێرا بەخۆیەوە ببینێت، دیارترین ئەو پرۆژە ستراتیژییانەی لە ڕووی پیشەسازییەوە کاریگەریی ئەرێنییان لەسەر شارەکە هەبوو، بریتین لە (جمهورية العراق، 1990، ص187-231)، (مصطفى، ٢٠١٤، ص٨٣-٩٥):

- سایلۆی سلێمانی (١٩٧٩): دەستکرا بە بونیادنانی ئەم پرۆژەیە، بە ئامانجی بەهێزکردنی کەرتی کشتوکاڵی و کۆگاکردنی دانەوێڵە لە ناوچەکەدا، کە وەک ناوەندێکی گرنگی بازرگانیی کشتوکاڵی لە پەراوێزی شاردا دەرکەوت.

- کارگەی بڕینی بەرد لە سەرچنار (١٩٨٠): ئەم پرۆژەیە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە بە شێوەی جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆ ئەنجام درا. ئەم کارگەیە لەساڵی ١٩٨٢ دا توانای بەرهەمهێنانی (١٥٠٠٠م٢) بەردی مەرمەڕی هەبووە. زیاتر لە (٣٠٠) کرێکار کاریان تێدا کردووە، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە دابینکردنی کەرەستەی بیناسازی لە ئاوەدانکردنەوەی شارەکە و دەورووبەریدا هەبوو.

- کارگەی چیمەنتۆی تاسڵوجە (١٩٨٠): ئەم پرۆژەیە لە لایەن کۆمپانیای (کرۆپۆلوسی ئەڵمانی)ـیەوە جێبەجێ کرا و لە ساڵی ١٩٨١دا فراوانتر کرا. ئەم کارگەیە بووە ناوەندێکی گرنگی پیشەسازی لە خۆرئاوای شار و ئاراستەی گەشەی شارەکەی بەرەو ئەو ناوچەیە گۆڕی.

- کارگەی جلوبەرگی ئامادەکراو (١٩٨٠): لە شاری سلێمانی لە لایەن کۆمپانیای (کۆنسێرتیکسی ئەڵمانی)یەوە لەسەر ڕووبەری (٨,٠٠٠م٢) دامەزرا. ئەم کارگەیە لەساڵی (١٩٨٥)ـدا توانای بەرهەمهێنانی ساڵانەی گەیشتە یەک ملیۆن پارچە جلوبەرگ و هەلی کاری بۆ (١,٢٠٠) کەس ڕەخساند، کە ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ڕاکێشانی هێزی کار و گەشەی دیمۆگرافیی شارەکە هەبوو.

هەموو ئەو پرۆژە پیشەسازییانەی لەم ماوەیەدا لە شاری سلێمانیدا ئەنجامدراون، کاریگەریی گەورەیان لەسەر فراوانبوونی شاری سلێمانی و پێشکەوتنی بواری پیشەسازی هەبووە. جگە لەوەش، بوونەتە هۆی هەمەجۆربوونی بەکارهێنانەکانی زەوی و تەرخانکردنی ڕووبەری فراوان بۆ مەبەستی پیشەسازی و کارگێری لە دەرەوەی کەرتی نیشتەجێبوون، ئەمەش وای کرد شارەکە بەپێی نەخشەیەکی پێشوەختە و ئاراستەکراو فراوان بێت و ناوچەی پیشەسازیی نوێ لە مۆرفۆلۆجیی گشتیی شارەکەدا جێگیر بن.

هەروەها زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان بەشێکی تری تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە بووە، ئەم گەشە دیمۆگرافییە لە شاری سلێمانیدا، دەرەنجامی دوو قۆناغی مێژوویی و سیاسیی تەواو جیاواز و دژبەیەک بووە کە کاریگەریی قووڵیان لەسەر مۆرفۆلۆجیی شارەکە جێهێشتووە:

قۆناغی یەکەم (١٩٧٧-١٩٩١): ئەم قۆناغە بە سیاسەتە سیستماتیکی ڕژێمی بەعس بۆ لەناوبردنی ژێرخانی ناوچە گوندنشینەکانی کوردستان دەناسرێتەوە، بەتایبەت لە سەردەمی شەڕی عێراق-ئێران و پرۆسەکانی ئەنفالدا. ئەم سیاسەتانە بوونە هۆی وێرانکردنی هەزاران گوند و ڕاگواستنی زۆرەملێی دانیشتووانەکەیان بەرەو ناوەندی شارە گەورەکانی وەک سلێمانی. ئەم دیاردەیە، کە لە زانستی جوگرافیادا بە شارنشینکردنی بەزۆر وەسف دەکرێت، بووە هۆی زیادبوونێکی نائاسایی و خێرای ژمارەی دانیشتووان، بە جۆرێک شارەکە ڕووبەڕووی لێشاوێکی

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12321]
- **Submission Date:** [2/2/2026], **Revised Date:** [2/2/2026], **Accepted Date:** [20/04/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

گەورەی مرۆیی بووەوە بێ ئەوەی ژێرخانێکی ئابووری و خزمەتگوزاریی هاوتای بۆ دابین کرابێت Jawad, (2005), p118.

قۆناغی دووەم: لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و پێکهێنانی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان، وەرچەرخانێکی گرنگ لە پێگەی شارەکەدا ڕوویدا. شاری سلێمانی بوو بە یەکێک لە ناوەندە سەرەکییەکانی کارگێڕی و حوکمڕانیی کوردی. ئەم پێگە سیاسی و ئیدارییە نوێیە، شارەکەی کردە ناوەندێکی ڕاکێشەری بەهێز بۆ خەڵکی ناوچەکانی دەوروبەر، بە مەبەستی کارکردن لە دامەزراوە حکومییە نوێیەکان، پەرەپێدانی بازرگانی و دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە گشتییەکان. لەم قۆناغەدا، شاری سلێمانی لە پەناگەیەکی کاتییەوە گۆڕا بۆ پایتەختێکی سیاسی و ئابووری، کە بووە هۆی چڕبوونەوەی زیاتری دانیشتووان و فراوانبوونی فیزیکیی شارەکەی بە ئاراستە جیاجیاکاندا Natali,( 2010), p62.

لەسەر ئەم بنەمایە، ژمارەی دانیشتووانی شاری سلێمانی لە (١٥٤,٣٩٠) کەس لە ساڵی ١٩٧٧دا، بۆ نزیکەی (٥٦٩,١٢٣) کەس لە ساڵی ٢٠٠٢ زیادیکرد، واتە لە ماوەی ئەم ٢٥ ساڵەدا ژمارەی دانیشتووان بە نزیکەیی چوار هێندە زیادی کردووە. پێویستە لەم قۆناغەدا بە شێوەیەکی وردتر تیشک بخرێتە سەر بەکارهێنانەکانی زەوی، چونکە ئەو گۆڕانکارییە مێژوویی و سیاسییانەی لە سێ قۆناغی ڕابردوودا بەسەر شاری سلێمانیدا هاتوون، جۆرە مۆرفۆلۆجییەکی تایبەت و شێوازێکی دیاریکراوی بەکارهێنانی زەوییان بە شارەکە بەخشیوە. تاکو ساڵی (٢٠٠٢) شاری سلێمانی بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ هێشتا لەژێر کاریگەریی دەسەڵاتی حکومەتی عێراقدا مابوویەوە. کە جۆرێک لە هەرێمایەتیبوون لەچوارچێوەی سنووری وڵاتی عێراقدا پەیڕەودەکرا، بەو واتایەی کاریگەرییەکانی جیهانگیری و بازاڕی ئازاد هێشتا نەگەیشتبوونە ناو کایە فیزیکی و چالاکییە ئابوورییەکانی شاری سلێمانی.

وەک لە خشتەی (3)دا ــدا دەردەکەوێت، جۆری بەکارهێنانەکانی زەوی لە کۆتایی ئەم قۆناغەدا تا ڕادەیەکی زۆر نەریتی و سنووردار بووە، واتە تایبەتمەندیی شارێکی لۆکاڵیی نیشاندەدات، لەبەرئەوەی جۆری بەکارهێنانەکانی زەوی بریتین لە (نیشتەجێبوون، بازرگانی، پیشەسازی و کۆگاکان، پەروەردە و فێرکردن، تەندروستی، ئاینی، کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاری، کارگێڕی و حکومی، سەوزایی، گواستنەوە). ئەمانە ئەو بەکارهێنانە سەرەکییانەن کە تەنها پێداویستییە لۆکاڵییەکانی ژیانی ڕۆژانەی شارنشینان دابین دەکەن، واتە ئەو بەکارهێنانانەی زەوییان تێدا نییە کە پرۆسەیەکی جیهانی بەرجەستە بکەن یان بە بازاڕە نێودەوڵەتییەکان و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانەوە پەیوەستن.

زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی زەوی لەم قۆناغەدا بۆ سێکتەری نیشتەجێبوون تەرخانکراوە، کە نزیکەی (٥٠٪)ی کۆی ڕووبەری شارەکەیە، دوای ئەویش کەرتی گواستنەوە و گەیاندن بە ڕێژەی (٢٥٪) دێت. بەشێکی تری زەوییەکانی شار، کە دەکاتە زیاتر لە (٧%) بریتین لە زەویی بەکارنەهاتوو، واتە هێشتا بۆ هیچ مەبەستێک سودیان لێوەرنەگیراوە. ئەو بەشانەی تر کە ماونەتەوە بە هەموویانەوە تەنیا (١٨%)ی ڕووبەری شارەکە پێک دەهێنن، کە تێیدا پانتاییە سەوزەکان و زەوییە کراوەکان تەنها (٣.٨%)ی ڕووبەری شارەکەیان پێکیانهێناوە، کە ڕووبەرێکی یەکجار کەمە بۆ شارێکی گەورەی وەکو سلێمانی، چونکە ڕێژەی سەوزاییەکەی لە ستانداردی عێراقی( ) کەمترە.

خشتەی (3): جۆری بەکارهێنانەکانی زەوی لەشاری سلێمانی لەقۆناغی (١٩٧٨-٢٠٠٢)

| ژ | جۆری بەکارهێنانی زەوی | ڕووبەر (هێکتار) | ڕێژە (%) |
|---|---|---|---|
| 1. | نیشتەجێبوون | ١٩٨٣.٤٣ | %٤٩.٨ |
| 2. | بازرگانی | ٦٧.٧١ | %١.٧ |
| 3. | پیشەسازی و کۆگاکان | ١٤٧.٣٦ | %٣.٧ |
| 4. | فێرکاری | ١٠٧.١٤ | %٢.٦٩ |
| 5. | تەندروستی | ٤٧.٧٩ | %١.٢ |
| 6. | ئاینی، کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاری | ٧٨.٨٦ | %١.٩٨ |
| 7. | کارگێڕی و حکومی | ٧٨.٨٦ | %١.٩٨ |
| 8. | زەویی کراوە و سەوزایی | ١٥١.٣٥ | %٣.٨ |
| 9. | گواستنەوە و گەیاندن | ٩٩٣.٧١ | %٢٤.٩٥ |
| 10. | زەویی بەکارنەهاتوو | ٢٨٥.٩٧ | %٧.١٨ |
| 11. | گۆڕستان | ٤٠.٦٢ | %١.٠٢ |
| | کــــۆ | ٣٩٨٢.٨ | %١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر، بە سوودوەرگرتن لە: (سعيد، 2011: 99)، (نەخشەی بنەڕەتیی شاری سلێمانی، لە پرۆژەی نەخشەسازیی توێژەردا).

بەگشتی شاری سلێمانی تا کۆتایی ئەم قۆناغە، لە ڕووی جۆری بەکارهێنانەکانی زەوییەوە سیماکانی شارێکی بەجیهانیبووی تێدا دەرنەکەوتووە، بەڵکو زیاتر وێنەی شارێکی ناوچەیی و دابڕاو لە پرۆسە و کاریگەرییە جیهانییەکان دەنوێنێت.

### ٢-١-٤قۆناغی مۆرفۆلۆجیی چوارەم (2003-2024)

ئەم قۆناغە لە مۆرفۆلۆجیی شاری سلێمانی، بە گرنگترین و هەستیارترین قۆناغی گەشەی شارەکە دادەنرێت، چونکە هاوکاتە لەگەڵ کرانەوەی شارەکە بەڕووی جیهاندا. لەم قۆناغەدا، سەرەتایەکی نوێ لە پرۆسە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی شارەکە و هەرێمی کوردستان و عێراق بە گشتی دەستی پێ کرد. لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لە ساڵی ٢٠٠٣ و دامەزراندنی عێراقێکی فیدراڵ، سنوورە سیاسییەکان و پرۆسە ئابوورییەکان وەرچەرخانێکی بنەڕەتییان بەخۆوە بینی و لە چوارچێوەی قۆناغە داخراوەکانی پێشوو چوونە دەرەوە. ئەم واقعە نوێیە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر شاری سلێمانی و پرۆسە فرەچەشنەکانی ناوی هەبووە. بێگومان هەموو ئەمانەش لەکۆتایدا ڕەنگدانەوەیان لەسەر مۆرفۆلۆجیی و سیمای فیزیکیی شارەکە هەبووە.

فراوانبوونی ڕووبەری شار و ئاڵۆزبوونی چالاکییە ئابووری و کارگێڕییەکان، وایانکرد بەڕێوەبردنی شارەکە پێویستیی بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی کارگێڕیی باشتر هەبێت. لەم سۆنگەیەوە، بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان، شارەکە بۆ شەش کەرتی کارگێڕی دابەش کرا و بۆ هەر بەشێکیان شارەوانییەکی بۆ دانرا. ئەم وەرچەرخانە کارگێڕییە، یەکێکە لە دیارترین دەرهاویشتەکانی کاریگەریی جیهانگیری لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی شار، چونکە قەبارەی شارەکە بە شێوەیەک گەورە بوو کە ژمارەی گەڕەکەکان گەیشتە زیاتر لە (٢٧٠) گەڕەک.

هاوکات، جۆری بەکارهێنانەکانی زەوی فرەچەشن و هەمەجۆرتر بوون، بۆیە بەئاسانی نەدەتوانرا شاری سلێمانی لە لایەن یەک ناوەندی شارەوانییەوە بەڕێوەببرێت، پێویستیی بەم دابەشکارییە نوێیە کارگێرییە هەبوو بۆ باشتر بەڕێوەبردنی شارەکە.

نەخشەی (5) گوزارشت لە دابەشکاریی تەواوی گەڕەک و شارەوانییەکانی شاری سلێمانی دەکات، بەپێی داتاکانی نەخشەکە، ڕووبەری شاری سلێمانی لە (٣,٩٨٢.٨ هێکتار) لە قۆناغی پێشوودا، بۆ (١٩,٤٣١.١ هێکتار) لەم قۆناغەدا زیادیکردووە، ئەمەش بە زیادبوونێکی ڕەهای (١٥,٤٤٨.٣ هێکتار) هەژمار دەکرێت. داتاکانی نەخشەی نیشانی دەدەن، کە شارەکە لە ماوەی تەنها دوو دەیەدا بە ڕێژەی (٤٨٧٪) گەشەی کردووە، واتە قەبارەکەی بە نزیکەیی پێنج هێندە بە بەراورد بە قۆناغی پێشوو فراوانبووە. ئەم فراوانبوونە نائاساییە دەرەنجامی کارلێکی چەندین هۆکاری جیهانی و ناوخۆیی بووە، لەوانە: لێشاوی وەبەرهێنانی بیانی، کۆچی بەردەوامی دانیشتووان بەرەو ناوەندی شاری سلێمانی، و گۆڕانی سیستەمی ئابووری بەرەو بازاڕی ئازاد.


لەسەر ئاستی دابەشکاریی شارەوانییەکان، جیاوازیی گەورە لە ڕووبەری کەرتە کارگێڕییەکاندا بەدی دەکرێت، بە جۆرێک شارەوانیی (ڕۆژئاوا) بە ڕووبەری (٧,٣٨٩.٥٧ هێکتار) گەورەترین یەکەی کارگێڕیی شارەکەیە، دوای ئەویش شارەوانیی (ڕۆژهەڵات) بە ڕووبەری (٥,٢٠٣.٣٥ هێکتار) لە پلەی دووەمدا دێت. هەریەک لە شارەوانییەکانی (بەکرەجۆ) بە ڕووبەری (٢,٤٦٠.٩١ هێکتار) و شارەوانیی (تاسڵوجە) بە (١,٩٦٩.٢٥ هێکتار) لە پلەکانی دواتردا جێگیر بوون. لە کۆتاییدا، شارەوانیی (ناوەند) بە ڕووبەری (١,٣٩٣.٦٣ هێکتار) بچووکترین یەکەی کارگێڕیی ناو سنووری شارەوانیی سلێمانی پێک دەهێنێت.

هەروەها نەخشەی (6) گوزارشت لە پەرەسەندنی مێژوویی و گۆڕانکارییەکانی ڕووبەری شاری سلێمانی بەپێی قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکان دەکات. وەک لە داتاکاندا دەردەکەوێت، ڕووبەری شاری سلێمانی لە نێوان قۆناغی یەکەم و دووەمدا گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بە جۆرێک ڕووبەرەکەی لە (٢٤٨.٦ هێکتار)ــەوە بۆ (١,٤٧٨.٣ هێکتار) زیادیکردووە، ئەمەش بە واتای شەش هێندە زیادبوونی ئاوەدانیی شارەکە دێت لەو ماوەیەدا. لە قۆناغی سێیەمدا، ئەم فراوانبوونە بەردەوام بووە و ڕووبەری شاری سلێمانی گەیشتووەتە (٣,٩٨٢.٨ هێکتار)، کە بە نزیکەیی سێ هێندەی قۆناغی پێشوو هەژمار دەکرێت. لە کۆتاییدا و لە نێوان قۆناغی سێیەم و چوارەمدا، شاری سلێمانی گەورەترین فراوانبوونی ڕووبەری لە مێژووی خۆیدا تۆمار کردووە، کاتێک ڕووبەری ئاوەدانی لە (٣,٩٨٢.٨ هێکتار)ــەوە بۆ (١٩,٧١٨.٠٨ هێکتار) فراوان بووە. ئەم وەرچەرخانە نیشان دەدات کە ڕووبەری شارەکە تەنها لەم قۆناغەدا نزیکەی پێنج هێندە گەشەی کردووە، کە ئەمەش گوزارشت لەو تەقینەوە شارستانییە دەکات کە لە دوو دەیەی ڕابردوودا ڕووی داوە .

نەخشەکان گەشەی مۆرفۆلۆجیی شاری سلێمانی لە ماوەی ٧٧ ساڵدا نیشان دەدەن، شارەکە لە قۆناغی یەکەمدا (١٩٤٧) وەک ناوکێکی مێژوویی بچووک و کۆکراوە دەردەکەوێت، پێکهاتووە لە گەڕەکە کۆنەکانی وەک سەرشەقام، مەڵکەندی و گۆیژە، کە تایبەتمەندیی شارێکی کۆنی هەبووە، کەمترین پێویستیی بە شەقامی پێشکەوتووی گواستنەوە هەبووە. بەڵام لە قۆناغی دووەمدا (١٩٧٧)، یەکەمین فراوانبوونی فیزیکیی ڕووی دا، کە تێیدا شارەکە شێوەیەکی ئەستێرەیی وەرگرت و بە درێژایی ڕێگا سەرەکییەکان هاتوچۆ گەشەی کرد، سەرهەڵدانی گەڕەکی نوێی وەک (بەختیاری و ئاشتی) نیشانەی دەستپێکی زیادبوونی ڕۆڵی ئۆتۆمبێل و فراوانبوونی پێکهاتەی شار بوو لە دەرەوەی ناوکە کۆنەکە.

قۆناغی سێیەم (٢٠٠٢) وێنەی (تەقینەوەیەکی شاری)ـی ڕاستەقینە دەخاتە ڕوو، کە هاوکاتە لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسی و ئابوورییەکانی دوای ساڵی ١٩٩١. لەم ماوەیەدا ڕووبەری شار بەخێراییەکی زۆر فراوان دەبێت، دیاردەی پەرشوبڵاوی شارستانی بە ڕوونی دەردەکەوێت و شار دەست دەکات بە لەخۆگرتنی گوند و زەوییە کشتوکاڵییەکانی دەوروبەری. ئەم گەشە بەرفراوانە لە قۆناغی چوارەمدا (٢٠٢٤) دەگاتە لوتکە، کاتێک سلێمانی سیمای شارێکی گەورە وەردەگرێت، بەجۆرێك ڕووبەری شار بەسەرجەم ئاراستەکاندا فراواندەبێت، تەنها ئاراستەی باکووری خۆرهەڵات نەبێت کە بەهۆی بەربەستی تۆپۆگرافیی سروشتی (زنجیرە چیاکان) گەشەیەکی سنوورداری هەبووە. یەکێک لە گرنگترین گۆڕانکارییەکانی ئەم قۆناغە، گۆڕینی پێکهاتەی شارە لە یەک ناوەندەوە بۆ فرە ناوەند، دابەشبوونی شارەکە بۆ شەش شارەوانیی جیاواز، بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ئەم ڕاستییە. بەم شێوەیە، سلێمانی لە شارێکی بچووکی کۆنەوە گۆڕاوە شارێکیی مۆدێرن کە ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی نوێی وەک قەرەباڵغی و فشار لەسەر ژێرخانی خزمەتگوزارییەکان دەبێتەوە .

نەخشەی (5): گەڕەك و شارەوانییەکانی شاری سلێمانی، قۆناغی مۆرفۆلۆجیی چوارەم (2003-2024)




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەستن بە (حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2024).

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12321]
- **Submission Date:** [2/2/2026], **Revised Date:** [2/2/2026], **Accepted Date:** [20/04/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

بە سەرنجدان لە هەردوو خشتەی (3، 4)، جیاوازییە بنەڕەتییەکانی نێوان ئەم قۆناغە و قۆناغەکانی پێشوو بە ڕوونی دەردەکەون. جگە لە فراوانبوونی ڕووبەر و پێشکەوتنی تۆڕی ڕێگەوبانەکان، زیاتر لە جۆری بەکارهێنانەکانی زەویدا خۆیدەبینێتەوە، ئەم جیاکارییەش لە دوو ئاستدا هەستپێدەکرێت:

**ئاستی یەکەمی:** پەیوەندی بە گۆڕانی بە ڕێژەی بەکارهێنانەکانی زەوییەوە هەیە، تیایدا بەکارهێنانە سەرەکییەکانی وەکو نیشتەجێبوون و بازرگانی گۆڕانی بەرچاویان بەسەردا هاتووە، بەوەی بەکارهێنانی نیشتەجێبوون، کە سەرەکیترین بەکارهێنانە و پێویستییەکی حەتمیی دانیشتووانی شارە بە بەراورد بە قۆناغی پێشوتر بەشێوەیەکی بەرچاو ڕێژەکەی دابەزیوە، لە نزیکەی (50%)ـەوە بۆ (32%)، واتە بەرێژەی (18%) ڕووبەری ئەم بەکارهێنانە کەمی کردووە. لە کاتێکدا بەکارهێنانی بازرگانی گەشەیەکی خێرای تۆمار کردووە و لە (١.٧٪)ــەوە بۆ (٦.٢٦٪) زیادیکرووە. ئەم زیادبوونە (نزیکەی ٥٪) نیشانەی گۆڕانی ناسنامەی ئابووریی شارەکەیە بەرەو بازاڕی ئازاد و جیهانگیری، کە تێیدا فەزای بازرگانی پانتاییەکی فراوانتری لە مۆرفۆلۆجیی گشتیی شارەکەدا داگیر کردووە .

هۆکارەکانی کەمبوونەوەی ڕێژەیی بەکارهێنانی نیشتەجێبوون لەم قۆناغەدا، بۆ دوو ڕەهەندی سەرەکی دەگەڕێتەوە:

١- زیادبوونی بەرچاوی بەکارهێنانەکانی تری زەوی لە ئەنجامی گۆڕانی شێوازی ژیان و کرانەوە بەڕووی پرۆسەی جیهانگیریدا. بەو واتایەی، پێداویستییە شارستانییەکان لەگەڵ لێشاوی کاڵا، داهێنانە تەکنەلۆژییەکان و فرەچەشنیی دەرفەتەکانی کار گۆڕانکاریی ڕیشەییان بەسەردا هاتووە، ئەمەش پێویستییەکی نوێی بۆ سێکتەرە بازرگانی، گەشتیاری و خزمەتگوزارییەکان دروست کردووە، کە لەسەر حیسابی کەمبوونەوەی پشکی نیشتەجێبوون لە کۆی گشتیی ڕووبەری شاردا بووە.

٢- گۆڕانی جۆر و ڕووبەر لە شێوازی نیشتەجێبووندا، کە تێیدا شارەکە لە گەشەی ئاسۆیییەوە بەرەو گەشەی ستوونی هەنگاوی ناوە. پشتبەستنی زیاتر بە دروستکردنی باڵەخانە و کۆمەڵگە نیشتەجێبووە ستوونییەکان (شوقە)، وای کردووە کە شارەکە بتوانێت ژمارەیەکی زۆرتر لە دانیشتووان لەسەر ڕووبەرێکی کەمتر لە زەوی جێگیر بکات. ئەمەش یەکێکە لە میکانیزمە مۆرفۆلۆجییە گرنگەکان کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕووبەری تەرخانکراو بۆ نیشتەجێبوون لەکۆی گشتیی ڕووبەری شارەکەدا.

دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕووبەری تەرخانکراو بۆ نیشتەجێبوون لەکۆی گشتیی ڕووبەری شارەکەدا.


**ئاستی دووەمی:** جیاوازییە بنەڕەتییەکانی ئەم قۆناغە، لە فرەچەشنبوونی پێکهاتەی وەزیفی و جۆرەکانی بەکارهێنانی زەویدا ڕەنگ دەداتەوە. وەک لە داتاکاندا بەدی دەکرێت، ژمارەی جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی لە (١١) جۆر لە قۆناغەکانی پێشووەوە، بۆ (٢٦) جۆری جیاواز لەم قۆناغەدا بەرزبووەتەوە. ئەم گەشە چەندێتییە، گۆڕانکاریی چۆنێتیی لە پێکهاتەی گشتیی شاردا هێناوەتە ئاراوە، کە لە دوو ڕەهەندی سەرەکیدا بەرجەستە دەبێت:

1 - سەرهەڵدان و چەسپاندنی ژێرخانی ئابووریی مۆدێرن: وەرچەرخانێکی ڕیشەیی لە بنەماکانی ئابووریی شارەکەدا ڕوویداوە، ئەمەش بە ڕوونی لە تەرخانکردنی ڕووبەرێکی فراوان بۆ بەکارهێنانە ستراتیژی و نێودەوڵەتییەکاندا دەردەکەوێت، وەک: فرۆکەخانە (٥.٩٣٪)، پەرەپێدانی ناوچە پیشەسازییەکان (٢.٩٨٪) و فراوانبوونی کەرتی بازرگانی (٦.٢٦٪). هاوکات، لەگەڵ کەمبوونەوەی ڕێژەی ناوەندی بازرگانیی شار (CBD) بۆ تەنها (١.٠١٪)، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ دابەشبوونی ئەرکە بازرگانییەکان بەسەر تەواوی ڕووبەری شارەکەدا، دەرچوون لە مۆدێلی تاک ناوەندی بەرەو سیستەمی فرە ناوەندی. ئەم وەرچەرخانە، سلێمانی لە شارێکی ناوخۆییەوە بەرەو بوون بە ناوەندێکی بازرگانیی هەرێمی دەبات.

2 - پەرەسەندنی بەکارهێنانەکانی زەوی بۆ مەبەستی خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانی:

هاوتەریب لەگەڵ گەشەی ئابووری و کرانەوەی شار بەڕووی گۆڕانکارییە مۆدێرنەکاندا، شاری سلێمانی گۆڕانکاریی بەرچاوی لە تەرخانکردنی زەوی بۆ مەبەستی خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانی بەخۆیەوە بینیوە. لە فراوانبوونی بەرچاوی ڕووبەری سەوزایی کە ڕێژەی (١٠.٠٧٪)ــی کۆی بەکارهێنانەکانی شار پێک دەهێنێت. هاوکات، سەرهەڵدانی بەکارهێنانی تایبەتمەند وەک: ناوەندە وەرزشی و کات بەسەربردنەکان (٠.٤٥٪)، شوێنی وەستاندنی ئۆتۆمبێل (پارکینگ - ٠.٢٥٪) و پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری لە ڕێگەی هۆتێل و مۆتێلەکانەوە (٠.٥٣٪)، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە گەشەی شار تەنها لە سێکتەرە نەریتییەکانی وەک نیشتەجێبوون قەتیس نەماوە. بەڵکو لەم قۆناغەدا، زەوی وەک سەرچاوەیەکی ستراتیژی بۆ بەرزکردنەوەی کوالێتیی ژیان و جێبەجێکردنی ستاندارده نوێیەکانی شارستانی بەکار هێنراوە، کە تێیدا دابینکردنی فەزای حەوانەوە و خزمەتگوزاریی جۆری، بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە مۆرفۆلۆجیی گشتیی شارەکە.

نەخشەی (6): فراوانبوونی ڕووبەری شاری سلێمانی بەگوێرەی قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکان





سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەستن بە نەخشەکانی (2 تا 5).

خشتەی (4): جۆری بەکارهێنانەکانی زەوی لەشاری سلێمانی لەقۆناغی (2003-2024)

| ژ | جۆری بەکارهێنانی زەوی | ڕووبەر (هێکتار) | ڕێژە (%) |
|---|---|---|---|
| 1. | بینای جۆری دیاری نەکراو | ٨٧٧,٦١ | ٤,٤٥ |
| 2. | بیناو لە قۆناغی دروستکردندایە | ٩٩,٨ | ٠,٥١ |
| 3. | نیشتەجێبوون | ٦٣٤٦,٤١ | ٣٢,١٩ |
| 4. | بازرگانی | ١٢٣٤,٥٨ | ٦,٢٦ |
| 5. | بیناء کارگێڕی دەوڵەت | ٩٣,٩ | ٠,٤٨ |
| 6. | فێرکاری و خوێندنی باڵا | ٢٤٥ | ١,٢٤ |
| 7. | تەندروستی | ٩١,٩٢ | ٠,٤٧ |
| 8. | بیناسازی وەرزش و کاتبەسەربردن | ٨٨,٧ | ٠,٤٥ |
| 9. | بەکارهێنانی ئاینی: مزگەوت، کڵێسا، گۆرستان | ١٢٣,٤ | ٠,٦٣ |
| 10. | ڕۆشنبیری | ٥٩,٤ | ٠,٣ |
| 11. | هۆتێل و مۆتێلەکان | ١٠٢,٣ | ٠,٥٢ |
| 12. | زەوی بەکارنەهێنراو | ١٩٨٥,٢٩ | ١٠,٠٧ |
| 13. | ڕووبەری سەوزایی | ٥٩٠,٨٦ | ,٣ |
| 14. | نەزانراو | 6٩٨,٨ | 3.٥4 |
| 15. | ڕێکخستن و ڕێکخراوەکان | ٢٢,٦ | ٠,١١ |
| 16. | پارکینی ئۆتۆمبێل | ٤٩,٨ | ٠,٢٥ |
| 17. | خزمەتگوزاری تێکەڵ+ بەنزینخانەکان | ١٤٨,٢ | ٠,٧٥ |
| 18. | باڵاخانە (بەکارهێنراوی تێکەڵ) | ١٣٩,٨ | ٠,٧١ |
| 19. | گەشتیاری | 461 | 2.٣3 |
| 20. | ڕووبەری کراوە | ٨٤,٦ | ٠,٤٣ |
| 21. | ئاوەکان | ٨٤,٦ | ٠,٤٣ |
| 22. | پیشەسازی | ٥٨٧,٨٥ | ٢,٩٨ |
| 23. | بارەگاکان | ٢١,٥ | ٠,١١ |
| 24. | ناوچەی بازرگانی ناوەند (CBD) | ١٩٨,٣٥ | ١,٠١ |
| 25. | ڕێگەوبان | ٤١١١,٧ | ٢٠,٨٥ |
| 26. | فڕۆکەخانەی سلێمانی | ١١٧٠,١١ | ٥,٩٣ |
| | کـــۆ | ١٩٧١٨,٠8 | %١٠٠ |

سەرچاوە: نەخشەی (6).

نەخشەی (7): گرنگترین بەکارهێنانەکانی زەویی شاری سلێمانی لە ساڵی 2024




سەرچاوە: کاری توێژەر بە سودوەرگرتن لە (حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2024).

## ٣-١ دەرئەنجام

توێژینەوەکە بە شێوەیەکی سیستماتیک و قۆناغبەندی، پەرەسەندنی مۆرفۆلۆجیی شاری سلێمانی لە ساتی دامەزراندنییەوە تا دۆخی ئێستای لەژێر ڕۆشنایی دیاردەی جیهانگیریدا خستووەتەڕوو. گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە لەم کارە زانستییەوە هەڵێنجراون، بریتین لە:

١- پەرەسەندنی قۆناغبەندی و هۆکارە جیاوازەکان: گەشەی شاری سلێمانی پرۆسەیەکی یەکپارچە و هاوشێوە نەبووە، بەڵکو بە چوار قۆناغی مۆرفۆلۆجیی جیاوازدا تێپەڕیوە. هەر قۆناغێک خاوەنی کۆمەڵێک پاڵنەر و هۆکاری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی تایبەت بە خۆی بووە کە ڕاستەوخۆ کاریکردووەتە سەر سیما و قەبارەی شارەکە. ئەمەش دەریدەخات کە مۆرفۆلۆجیای شارەکە ئاوێنەی مێژووی سیاسی و ئابووریی ناوچەکە بووە. ئەوە دەردەکەوێت، کە مۆرفۆلۆجیای شاری سلێمانی بەرهەمی زنجیرەیەک گۆڕانکاریی مێژوویی بووە، کە هەر قۆناغێک مۆرکی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی سەردەمەکەی خۆی لەسەر سیمای فیزیکیی شارەکە بەجێهێشتووە.

٢- قۆناغی یەکەم (دامەزراندن تا ١٩٤٧): ئەم قۆناغە بە گەشەیەکی هێواش و لەسەرخۆ ناسراوە، کە تێیدا شار لە چوارچێوەی حەوت گەڕەکە سەرەکییەکەیدا قەتیس مابوو. ناسەقامگیریی سیاسیی بەردەوام ڕێگربووە لەبەردەم هەر فراوانبوونێکی بەرچاودا.

٣- قۆناغی دووەم (١٩٤٨-١٩٧٧): ئەم قۆناغە یەکەم بازدانی گەورەی فراوانبوونی شارەکەی بەخۆیەوە بینی. هۆکارەکانی بریتی بوون لە پرۆژەکانی دەوڵەت (ئەنجومەنی ئاوەدانی) لە هەمان کاتدا داڕشتنی یەکەم ماستەرپلان لەلایەن کۆمپانیای (دۆکسیادیس)ـی یۆنانییەوە، کە گەشەی شارەکەی لە شێوەی ئۆرگانیکییەوە گۆڕی بۆ فراوانبوونێکی زیاتر ڕێکخراو و ئەندازەیی. شاری سلێمانی لەم قۆناغەدا بەشێوەیەکی یەکجار خێرا فراوانبووە. بەجۆرێک لە (٢٤٨,٦ هێکتار)ـەوە بووەتە (١٤٧٨,٣ هێکتار).

٤- قۆناغی سێیەم (١٩٧٨-٢٠٠٢): ئەم قۆناغە بە (گەشەی تەقینەوەیی) ناسراوە، کە دەرەنجامی دوو هێزی دژبەیەک بوو، لە لایەکەوە (شارنشینکردنی بەزۆر) بەهۆی سیاسەتەکانی ڕژێمی بەعسەوە، و لە لایەکی دیکەوە بوونی شار بە ناوەندێکی کارگێری و سیاسیی سەرەکی لە دوای ڕاپەڕینەوە، کە بووە هۆی ئەوەی لەم قۆناغەدا فراوانبوونێکی بەرچاو بەخۆیەوە ببینێت، بەجۆرێک ڕووبەرەکەی لە (١٤٧٨,٣ هێکتار) لە قۆناغی پێشترەوە بۆ (٣٩٨٢,٨ هێکتار) زیادبکات، واتە بە زیادبوونی ڕەهای (2504.5هێکتار) نزیکەی سێ هێندەی ڕووبەری قۆناغی پێشترە.

٥- قۆناغی چوارەم (٢٠٠٣-٢٠٢٤): ئەم قۆناغە، قۆناغی جیهانگیری و کرانەوەی ئابووری بوو. تێیدا شاری سلێمانی گەشەیەکی فراوانی ئاسۆیی بەخۆیەوە بینیوە، ڕووبەرەکەی نزیکەی پێنج هێندە زیادی کردوە، بۆیە بۆ ئاسانیی بەڕێوەبردن

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12321]
- **Submission Date:** [2/2/2026], **Revised Date:** [2/2/2026], **Accepted Date:** [20/04/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

شارەکە بۆ شەش شارەوانی دابەشکرا. گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە شێوازی بەکارهێنانی

## ٤-١ ڕاسپاردە

لەسەر بنەمای ئەو دەرئەنجامانەی لەسەرەوە خرانەڕوو، و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاڵنگارییانەی کە گەشەی خێرا لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی، ئەم ڕاسپاردانە خراونەتەڕوو:

١- داڕشتنەوەی ماستەرپلانێکی گشتگیر و نوێ: گەشەی پەرشوبڵاوی ئێستای شار و پەیکەری فرەناوەندییەکەی، پێویستی بە ماستەرپلانێکی هاوچەرخ هەیە کە ڕەچاوی ئەو دۆخە نوێیە بکات. پێویستە ئەم پلانە ستراتیژێکی ڕوونی هەبێت بۆ ئاراستەکردنی گەشەی داهاتووی شارەکە، هەروەها ڕێگریکردن لە پەرشوبڵاوی، لەگەڵ دابەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لەنێوان هەموو شارەوانییەکاندا.

٢- گرنگیدان بە گەشەی ستوونی و پاراستنی زەوییە کشتوکاڵییەکان: فراوانبوونی ئاسۆیی شار بووەتە هۆی لەناوبردنی ڕووبەرێکی بەرفراوانی زەوی کشتوکاڵی و باخی پربەرهەم. پێویستە شارەوانییەکان هانی گەشەی ستوونی بدەن لە ڕێگەی یاسا و ڕێنمایی نوێوە، بەتایبەت لەو ناوچانەی کە ژێرخانی پێویستیان هەیە، تاکو ببێتە ئامرازێك بۆ کەمکردنەوەی فشار لەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکان و پاراستنی ژینگەی شار.

٣- پاراستنی ناسنامەی مێژوویی و تەلارسازیی شار: لەگەڵ ئەم شەپۆلە بەرفراوانەی بەجیهانیبووندا، مەترسیی لەناوچوونی سیمای مێژوویی و تەلارسازیی تایبەتی شاری سلێمانی ئەگەرێکی حەتمییە. بۆیە پێویستە یاسای تایبەت دەربکرێت بۆ پاراستنی ناوچە کۆنەکان و باڵەخانە مێژووییەکان، هەروەها هەوڵبدرێت شێوازی تەلارسازیی نوێ لەگەڵ شوناسی شارەکەدا بگونجێنرێت.

٤- پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری بە شێوەیەکی هاوسەنگ: گەشەی خێرا فشارێکی زۆری خستووەتە سەر ژێرخانەکانی شار (ئاو، کارەبا، ڕێگەوبان، خزمەتگوزارییە گشتییەکان). پێویستە پلانێکی درێژخایەن بۆ پەرەپێدانی ژێرخانەکان دابنرێت کە لەگەڵ پێشبینییەکانی گەشەی دانیشتووان و فراوانبوونی شاردا بگونجێت.

٥- گرینگیدان بەزیادکردنی ڕووبەری سەوزایی و ڕەهەندی ژینگەیی شارەکە، تاکو بێتە هۆکارێک بۆ کەمکردنەوەی پیس بوونی هەواو جوانترکردنی سیمایی شار.

## ٥-١ سەرچاوەکان


بەزمانی کوردی:

کتێبەکان:

١- بابان، جەمال، (١٩٩٢)، ***سلێمانی شارە گەشاوەکەم***، بەرگی یەکەم، کتێبخانەی نیشتیمان، بەغداد.

٢-مینە، ئەمین قادر، (١٩٩٩)، ***ئەمنی ستراتیجیی عێراق و سێکوچکەی بەعسییان***، چ 2، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی.

**تێز و ماستەرنامەکان:**

١- مصطفی، ڕیبوار خالد، (٢٠١٤)، پارێزگای سلێمانی (١٩٦٨-١٩٨٨) توێژینەوەیەکی مێژووی ئابووری، ماستەرنامە (بڵاونەمراوە)، کۆلێجی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق.

**دامەزراوە حکومییەکان:**

**١-** حکومەتی هەرێمی کوردستان، (2024)، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتیی شارەوانیی سلێمانی، (داتای بڵاونەکراوە).

**وێبسایت و سەرچاوە ئینتەرنێتییەکان:**

١-وێبسایتی زانکۆی سلێمانی (/https://univsul.edu.iq/en ).

٢- وێنەی ئاسمانی (landsat 4) لە ڕێکەوتی (١٩٧٧/٦/٣٠).

٣- وێنەی ئاسمانی (landsat 7) لە ڕێکەوتی (2002/٦/21).

**بەزمانی عەرەبی:**

**الكتب:**

١- صقر، زين العابدين علي (2015). ***تخطيط المدن: أسس ومفاهيم وتطبيقات***. جامعة كركوك، العراق الفيدرالي.

٢- الدفتر، محمد هادي و حسن، عبدللة، (1955)، العراق الشمالي، ط 1، ج 1، مطبعة شفيق, بغداد.

**الرسائل والأطاريح:**

١- سعيد، كامران طاهر، (2011)، توسع مدينة السليمانية بتأثير الاسر الحضري (دراسة في جغرافية المدن)، أطروحة دكتوراه، غير منشورة، قسم الجغرافيا، كلية العلوم الإنسانية، جامعة السليمانية، إقليم كردستان العراق.

**المجلات:**

١- البالاني، أ. ق. د. م. (2009)، ***التغيير الثقافي لسكان منطقة شيخ باوة (دراسة في جيوبولتيك الثقافات)***، مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية، المجلد 4، العدد 2.

**منشورات الحكومية:**

١- لمملكة العراقية، وزارة الشؤون الاجتماعية، مديرية النفوس العامة (1947). نتائج التعداد العام للسكان لسنة 1947. بغداد: مطبعة الحكومة.

٢- جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء (1977). النتائج الأولية للتعداد العام للسكان لسنة 1977. بغداد: وزارة التخطيط.

٣- جمهورية العراق، (1990). الدليل الإداري للجمهورية العراق، الدارالعربية للطباعة، بغداد.

**بەزمانی ئینگلیزی:**

**Books:**

1- Batatu, H. (1978) The Old Social Classes and the Revolutionary Movements of Iraq: A Study of Iraq's Old Landed and Commercial Classes and of its Communists, Ba'thists and Free Officers. Princeton: Princeton University Press.

2- Jawad, S. H. (2005) Urbanization and Social Change in Iraqi Kurdistan. London: Saqi Books.

3- Natali, D. (2010) The Kurdish Quasi-State: Development and Dependency in Post-

Gulf War Iraq. Syracuse: Syracuse University Press.

**Journals:**

1- Mohammed, S. S., Rasul, H. Q. and Mohammed, H. D. (2023) 'GIS-based Spatial Analysis of the Evolution of Residential Developments; A Case-study of Sulaimani city, Iraq', Kurdistan Journal of Applied Research, 8(2).

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**[://sjh.univsul.edu.iq/](https://sjh.univsul.edu.iq/), **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12321]
- **Submission Date:** [2/2/2026], **Revised Date:** [2/2/2026], **Accepted Date:** [20/04/2026], **Published Date:** [30/06/2026]